## رابەرایەتی:

## گرنگی رابەرایەتی:

رابەر و رابەرایەتی یەکێکە لەمانا گرنگەکان لە ژیانی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی و گەیشتن بۆ ئامانجەکان، ئەوەش بەهۆی رۆڵی کاریگەر و بنەڕەتی رابەرایەتی کە ئەنجامی دەدات لە ژیانی کۆمەڵگاو پێشکەوتنی.

## پێناسەی رابەرایەتی:

رابەرایەتی پێناسەی دەکرێت بە:

١- تایبەتمەندە لە کاریگەری راستەوخۆ لەسەر چالاکی کۆمەڵ و ئاراستەکردنی بەرەو ئامانج و هەوڵدان بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە.

٢- هونەری کاریگەری لە کەسان و ئاراستەکردنیان بەشێوازێکی تایبەت کە تیایدا دەتوانرێت پابەندبوون و رێزگرتن و هاوکاریان مسۆگەر بکرێت لەپێناو گەیشتن بۆ ئامانجی مەبەست.

٣- هونەری هەماهەنگی لەنێوان کەسان و کۆمەڵ و تازەکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی تەرخانکراو.

٤- ئاراستەکردنی توخمی مرۆڤی کارکەر لەکارگێڕی لەسەر هەموو ئاستەکانی چالاکی کەرابەرایەتی دەکات بە ئاراستەکردنێکی هەماهەنگی بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان بەباشترین شێوە.

## جۆرەکانی هەڵسوکەوتی رابەران

بیردۆزەی هەڵسوکەوتی رابەر جەخت دەکاتە لەسەر زەوی کە چەندین جۆرو دوری تایبەت هەیە بۆ هەڵسوکەوتی رابەر، دەتوانرێت تێبینی بکرێت بە ئاسانی لە میانی چەند کردەوەیەکی رابەرایەتی کە رەنگ دەداتەوە لە هەڵسوکەوتی رابەران بە ئاشکرایی، هەربۆیە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەوبوارە ئەنجام دراوە دەریان خستووە کە چەندین جۆری هەڵسوکەوتی رابەرایەتی تایبەت و جەسپاو هەیە بۆ رابەر، بۆیە لەهەندێك جۆردا رابەر دەبینین مامەڵە دەکات ژێر رۆشنایی جۆرێکی رابەرایەتی تەرخانکراو کە سیاسەتی گشتی رابەر نەخشەی بۆ دەکێشێت، هەروەها چوارچێوەی گشتی ئەو سیاسەتە بەدیاردەخات کەرابەر مامەڵەی کارمەندانی خۆی پێ ئەنجام دەدات، ئەو لێکۆڵینەوانە شێوازی هەڵسوکەوتی رابەران بۆ چەند جۆرێك پۆلین دەکات:

**١- رابەرایەتی دیکتاتۆری یان دەسەڵاتداری:**

لەم جۆرەدا رابەر دەسەڵاتدارانە مامەڵە لەگەڵ ئەوانەی بەردەستی دەکات، چونکە رابەر هەموو دەسەڵاتەکان لەژێردەستی خۆی کۆدەکاتەوە، هیچ جۆرە دەسەڵاتێك ناداتە یاریدەرەکانی، رابەر هەر خۆی پلان دادەنێت، هەر خۆی سیاسەتەکان بەدیاردەخات و بڕیارەکان دەردەکات، رابەر رۆڵێکی گەورە لە

ئاراستەکردن و دەست تێوەردان لە کاروباری کۆمەڵ بەجۆرێك کە هەموو کارێك بـەئاگاداری ئـەو ئـەنجام دەدرێت، یان بە ئاراستەکان و ڕێنماییەکانی ئەو، رابەر لـەم جۆرەش پشت بە فەرمانی توندڕەو دەبەستێت.

**٢- رابەرایەتی ئۆتۆقراتی:**

ئەم جۆرە لەناوەڕۆکدا بە ئاوەڕۆکی رابەرایەتی دیکتاتۆری یان دەسەڵاتداری دەچێت بەتایبەتی لەڕووی سەنتەری دەسەڵات و ڕێگانەدان بەژێردەستەکان یـان بەشـداربووەکان لــە بەشـداری کـردن لـە پـرۆژەی رابەرایەتی، بەڵام هەڵسوکەوتی رابەری ئۆتۆقراتی بەوە ناسراوە کە چالاکەو زۆری جولانـەوەو خێرایـی لــە جێبەجێکردنی کارەکان و وەرگرتنی بڕیارەکان، هـەروەها هـەموو کارەکـانی بیرکردنـەوەو پـلان دانـان و ڕێکخستن لە ئەستۆی ئەو دادەبێت و ئەوانی لەژێر دەستی ئەون تەنها جێبەجێی دەکەن.

**٣- رابەرایەتی دیموکراتی:**

رابەر لـەم جۆرە باوەری بە بنەمای بەشـداربوونی کۆمـەڵ هەیـە لـەوەرگرتنی بڕیارەکـان، رابـەر هـانی ئەندامان دەدات لە بەشداری کردن لە گۆفتوگۆکان و یارمەتیان دەدات لەوەرگرتنی بڕیارەکـان لــەرێگای هاندان و ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردنی کارمەندان کە ئاگاداری تەواویان بـەو ئامانجـە هەیـە کـە کۆمـەڵ هەوڵی بۆ دەدات، رابەر رێگـا بـە ژێردەسـتەکانی دەدات سەربەسـت بـن لــە دابەشـکردن و هەڵبـژاردنی هاوڕێیانی کارکردن، رابەر بابەتیانەو دادپەروانە کاردەکات لە ئاراستەکردنی رەخنەکان و ستایشـەکان بـۆ ئەندامانی کۆمەڵەکەی.

**٤- رابەرایەتی دەست تێوەرنەدان:**

لـەم جۆرەی رابەرایەتیدا، ڕێگای تەواو بەژێردەستەکان دەدرێت لە دیارکردنی ئامانجەکان و وەرگـرتنی بڕیارەکان تایبەت بەم ئامانجانە، رابەرا لـەم جۆرە بەوە ناسراوە بـە بـەربلاوی دەسـەڵات بـەژێر دەسـتەکانی دەدات، ئەندامانی کۆمەڵەکە ئازاد ی تەواویان هەیە لە وەرگرتنی بڕیار سەبارەت بە دیارکردنی ئامانجـەکانی کۆمەڵەو ڕێگاکانی شێوازەکانی جێبەجێکردنی، هەروەها دەست نیشانکردنی جۆری کارکردن و کاتەکەی، لەوکاتەی بوونی رابەر تەنها لە دیارکردنی تواناکان و کەلوپەلەکان یان یارمەتیدانی ئەندامانی کۆمەڵـە لــە جێبەجێکردنی ئامانجەکان.

## سیفەتەکانی رابەری وەرزشی سەرکەوتوو:

لەژێر رۆشنایی ژمارەیـەکی زۆری لێکۆڵینـەوەکان دەرئـەنجام بەدیارکـەوتووە کـە رابـەر "راهێنـەر"ی وەرزشی سەرکەوتوو جیاواز دەبێت لەگەڵ رابەری وەرزشی ناسەرکەوتوو بەچەند سیفەتێك:

**١- جێگیربوونی ورروژێنەر:**

کۆنترۆڵکردنی هەستەکان زۆرگرنگە بۆ رابەر "راهێنەر"ی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی هێمنی و جێگیربوون بداتە ناخی یاریزانان، بەمەش دەتوانێت رێنماییەکان و ئامۆژگارییەکان و بڕیارەکان بداتە یاریزانەکان بەشێوەیەکی روون و بەهێمنی بەتایبەتی لەکاتی ملامانێی وەرزشی کە یارییەکانی زۆر ورروژێنەر دەبن و کاریگەری و فشاری دەروونی زۆری دەبێت.

نموونە:

راهێنەر لەیارییەکانی جامی جیهانی- ئۆلۆمپیاد

**٢- توانا لە وەرگرتنی بڕیار:**

واتا توانای راهێنەری وەرزشی لەوەرگرتنی بڕیاری خێرا بەتایبەتی لەکاتی ململانێیەکانی وەرزشی کە پێویستە بە خێرایی گۆڕانکاری بکرێت یان دیارکردنی یاریزانی یەدەگی بەشێوازێکی عاقیلانە نەك بەشێوازی سۆزداری یان هەڵچوون.

**٣- متمانەبوون بە خۆ:**

راهێنەری وەرزشی کە متمانەی بەخۆی و تواناکانی هەیە هەروەها متمانەی بەزانیارییەکان و ئەزموونەکانی هەیە، شوێنێکی بەهێز لە نێو یاریزانەکان بۆ خۆی دەکاتەوە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە یاریزانەکان رێزی لێ بگرن و رێنماییەکانی جێبەجێ بکەن، متمانە بەخۆبوون یارمەتی راهێنەری وەرزشی دەدات کە بەئاسانی بڕیارەکان وەربگرێت و بۆچوونی یاریزانەکان بەبێ هیچ گرفتێك قبوڵ بکات.

**٤- لێپرسراوەیەتی:**

"رابەر" راهێنەری وەرزش سەرکەوتوو پێویستە لەهەموو کاتێکدا ئامادەبێت بەرپرسیاریەتی و لێپرسراوەیەتی قبوڵ بکات بەتایبەتی لەکاتی هەرەس و دۆڕاندندا، هەروەها هەوڵ بدات رەخنە ئاراستەی خۆی بکات پێش ئەوەی ئاراستەی کەسانی دیکە بکات، هەروەها بەرەنگاری هۆکارەکانی ئەو هەرەس و شکستانە بێتەوە.

**٥- لێهاتوویی:**

توانا لەسەر داهێنان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی تازەو داهێنەر لە مەشقی وەرزشی، هەروەها زۆرکردنی شێوازەکانی بەرنامەکانی مەشق و بەدیارخستنی توانا لەداهێنیان و تازەکردنەوە لەکاتی مەشقی وەرزشی دا فاکتەرێکی گرنگە کە توانای راهێنەری وەرزشی لەسەر لێهاتوویی بەدیاردەخات.

**٦- نەرمی:**

مەبەست لە نەرمی توانای خۆگونجاندنە لەگەڵ هەڵوێستە گۆڕاوەکان بەتایبەتی لەژێر فشاری دەروونی بەرزدا لەکاتی ململانێیە وەرزشییەکاندا، مەبەست لەنەرمی چاوپۆشی راهێنەر نییە لە هەڵەکان یان رازی بوون بە رووداوەکان بۆ ئەوەی کێشەی زیاتر دروست نەبێت.

**٧- هیوا و ئاوات:**

راهێنەری وەرزشی پێویستە بەهیواو ئاوات بێت کە ئەوەش وای لێدەکات سەرکەوتوو بێت و هەوڵ دان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر، هەروەها دۆزینەوەی رێگای داهێنەر بۆ ئەوەی یاریزانەکانی هان بدات بۆ بەدیهێنانی باشترین ئەنجام.

**٨- رابەرایەتی:**

واتا توانای راهێنەری وەرزشی لە ئاراستەکردن و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی یاریزانان و توانا لەسەر هەماهەنگی و رێکخستنی ماندووبوونی بەکۆمەڵ بۆ گەیشتن بۆ پەرەپێدانی ئاست و تواناو لێهاتوویی تیپ و یاریزانەکان بۆ بەرزترین پلە، هەروەها لەسەر هاندان و رەخنەگرتن لە یاریزانەکان، لەکاتی پێویستیش دەبێ سزایان بدات.